
# نەجیب مەحفوز:

## - ئامۆژگاریم بۆ نوسەران ئەوەیە کە رۆحی ئەم سەردەمە تاقی بکەنەوە.

## - من مرۆڤێکم عاشقی ئەدەبم و،ئەتوانم بڵێم من مەجنونی لەیلای ئەدەبم .

**سازدانی/ عەقل عەویت**

**و/عەلی نارێنی**



نەجیب مەحفوز لە 11ی دیسەمبەری ساڵی 1911 لە قاهیرە لە دایك بووە،رۆمانوسێکی میسریە وساڵی 1988 خەلاّتی نۆبڵی بۆ ئەدەب بەدەست هێناوە،لیسانسی ئادابی لە بەشی فەلسەفەدا لە زانکۆی قاهیرە بەدەست هێناوەو لە چەندین فەرمانگەی حکومیدا فەرمانبەر بووە تا بووە بە بەڕێوەبەری گشتی چاودێری بەشە هونەرییەکان ساڵی 1959.مەحفوز لە لایەن هەندێك ئیسلامی توندڕەوەوە توشی هەڕەشەو قەدەغەکردن لە بلاّوکردنەوە بوویەوە بە بیانووی ئەوەی کە نوسینەکانی مەحفوز بۆتە هۆی لەکەدارکرنی هەندێك کەسایەتی ئایینن،بەتایبەت بەهۆی رۆمانی(کوڕانی گەڕەکەکەمان)کە چاپکردنی لە میسر قەدەغەکرا.ساڵی 1994 رووبەرووی هەوڵی تیرۆرکردن بویەوە.مەحفوز بە نوسینی رۆمانی مێژوویی دەستی پێکرد پاشان رۆمانی کۆمەلاّیەتی.نوسینەکانی زیاتر لە 50 کتێبن.زۆرینەی نوسینەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە جیهانییەکان،ساڵی 1959 خەلاّتی هاندانی دەوڵەتی بۆ رۆمان پێ بەخشرا.

دوای ئەوەی کە لە سەر یەکێك لە جادەکانی قاهیرە دەکەوێت وسەری بریندار دەبێت بۆ نەخۆشخانە دەگوازرێتەوە،بەهۆی لە کارکەوتنی گورچیلە وبەرزبوونەوەی پەستانی خوێنەوە.کاتژمێر هەشت وپێنج خولەکی بەیانی رۆژی چوارشەممە 30ی ئۆگستسی 2006 لە نەخۆشخانەیەك لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد.

= نوسینی بیرەوەرییەکان کارێکی گرنگ وزۆرگەورەیە لە ژیانی نوسەردا،بە تایبەت دوای ئەوەی کە ئەزموونێکی گەورە دەژیت لە نوسین وئەزموونی مرۆڤایەتی وشارەزایی وتەکنیکدا.تۆ لە کۆیی نوسینی بیرەوەرییەکانتدای؟

نەجیب:واتا وێنەیەك لە ژیانی فیکریم بنوسمەوە؟ئەوەم بۆ بەرنامەی گشتی ئێزگەو بەرنامەی(دەنگی عەرەب)و لە تەلەفزیۆن ولە کتێبێکیشدا لە گەل جەمال ئەلغیتانیدا،هەروەها لە بەشگەلێك لە کتێبی جیاوازدا کردوومە.وەك ئەوەی بڵێی شتێکم نەماوە بیلێم.

= لایەنێکی ترنییە لە بارەی ژیانتەوە حەز بکەی لە بارەیەوە قسە بکەی،وەك ژیانی تایبەتیت وشێوازت لە نوسیندا وپەیوەندیت بە خودی خۆتەوە؟

نەجیب:پێم وایە هەموو ئەوەی کە دەبێ بوترێ وتوومە.

= هیچ ئاسۆیەك هەیە وات لێبکات خۆت ئامادە بکەی بۆ نوسینی کاری رۆمان یان چیرۆك کە ئێستا خۆئامادەگی بۆ بکەی؟

نەجیب:بە هۆی بیستن وبینینمەوە لە بارێکی نەویستراودام....ناتوانم بڵێم، رەنگە تەنها کورتە چیرۆکێك بنوسم ئەوەش بە ئاستەم.

= ئایا ئەوە تەنها هۆكارە وات لێدەكات كورتە چیرۆك بنوسی،یاخود گۆڕانكارییەك لە لات دروست بووە لە ڕۆماندا؟

نەجیب:نەكەوتوومەتە سەر بابەتی ڕۆمانێك،تا لە خودی خۆم بپرسم چۆن هەڵسوكەوت ئەكەم.

= كەواتە ئێستا بەلای نوسینی كورتە چیرۆكدا دەشكێیتەوە؟

نەجیب:بەڵێ،ئەوەش بۆ من گونجاوە.من ئێستا كورتە چیرۆك دەنوسم لە بەر هەمان هۆكارێك كە وای لێكردم لە رابردوودا بینوسم،مرۆڤ نازانێ بۆ.

= ئایا ئەوە پەیوەندی بە حەوسەڵەوە هەیە؟

نەجیب:بەڵێ.ئەوە كارێكی ئارەزوومەندانەیە،گونجاویش هاتووە لە گەل بارودۆخ وخولكمدا .

= ئایا ئەو كورتە چیرۆكە دەتوانێ پەیوەندی نەجیب مەحفوز لە گەل سەردەمی ئەمڕۆدا بگرێتە خۆ؟

نەجیب:پەیوەندیم لە گەل تەندروستیمدا ئەوە گرنگترە.

= كەواتە نوسینی چیرۆك پەیوەندی بە حەوسەڵەی تەندروستییەوە هەیە؟

نەجیب:بەڵێ.

= دوای ئەوەی سالی 1988 خەلاتی نۆبڵت بە دەستهێنا، شێوەیەك لە پەیوەندییەكی نوێ لە نێوان نوسەرو خودی خۆیدا هاتەكایەوە.چی گۆڕانكارییەكت بەسەردا هات لە پەیوەندیت لە گەل خودی خۆتدا،هەروەها لە پەیوەندی نوسەر لە گەل خودی زمانەوانی ورۆمانوسینی خۆیدا؟ئایا ئەكرێ دوای ئەم رووداوە خوێنەر یان جەماوەری بەربلاو بڕواتە خودی نەجیب مەحفوزەوە؟

نەجیب:جگە لە سەرسوڕمان وخۆشی،هیچ شتێك لە ژیانی تایبەتیم نەگۆڕا.ئەشێ شتێك سەبارەت بە منالەكانم گۆڕابێت.تەمەن گەورە بوو،گرانە مرۆڤ لەم تەمەنەدا بگۆڕێ.

= لە سەر ئاستی نوسین،ئایا پێت وایە قۆناغی نۆبڵ حالەتێكی دروست كردووە.یان حالەتێكی تری نوسین لە لات دروست دەكات؟

نەجیب:من بە سالێك پێش نۆبڵەكەم لە نوسین وەستابوومەوە،دوای نۆبڵەكەش بە سالێك.بۆیە ئێستا بابەتی چیرۆكێكم بۆ بێ دەینوسمەوە. تەنانەت بەچاو پۆشین لە بەهای چیرۆكەكەش.بەتەنها لە بەر خۆشی نوسین.

= ئێستا چی بابەتێك نەجیب مەحفوزی سەرقالكردووە ودەیبزوێنێ؟

نەجیب:بوونی مرۆڤ لە دنیادا.چارەنوسی وئەو پێویستیانەش كە لە گەل تەمەندا پێویستن،بیرت لایەتی؟

= ئەزانین كە ڕۆمانی عەرەبی نوێ قۆناغ وپەرەسەندن وگۆڕانكاری بەخۆوە بینیوە لە بونیاد وزمان وپرسیارەكانیدا ونزیكبوونەوەشی لە خودو جیهانیش.تۆ هاوەڵی ئەم ڕۆمانەت كردو لە سەر ئاستی عەرەبیش وەك باوكی بووی،پاشان ئەم ڕۆمانە ویستگەو گۆڕانكارییەكی زۆری بە خۆوە بینی،بەمەش لەو تێگەیشتنانەی كە لە پێشتردا باو بوو دەرچوو،چۆن دەڕوانیتە ئەم گۆڕانكاریانەو تایبەتمەندییەكانی،ئەی هەلوێستت لەم بارەوە چییە؟

نەجیب:من باوەڕم بە ئازادی نوسەرو ئەزموون هەیە.ئارەزووم نەرم ونیانە وچێژ لەو كارانەی كە لە شێوەی خۆیەتی وپێچەوانەشە دەكات.بە هیچ بێزار نابم تەنها بە لاسایی كردنەوەی كوێرانە نەبێ.

= پەیوەندیت دەگاتە چی رادەیەك لە گەل سەرپێچیكردندا ئەگەر ئەمەی دواییە گەیشتە رادەی وێرانكاری ودابڕان لە میرات؟

نەجیب:مادامەكی جۆرێك لە نوسین،نوسەرو خوێنەرو رەخنەگری خۆیی هەیە من باوەڕم پێیەتی،تەنانەت ئەگەر لە گەل رایشیدا نەبم،یاخود هاودژ بێ لە گەل هەموو ئەوەی كە نوسیومانە.ئەگەر خوێنەری نەبوایە نەیدەنوسی،هەروەها ئەمەش جێبایەخم نییە.لێم ئەپرسی بۆ؟چونكە من ساكارم لە خەونەكانمدا.

= ئەمڕۆ نەجیب مەحفوز بۆ كێ دەنوسێ؟

نەجیب:لە راستیدا،پێم وایە خوێنەر هەیە،بەلام نازانم دیاری بكەم،خوێندنەوەیەكی بەربلاومان نییە وام لێبكات بلێم من بۆ جوتیارەكان یان بۆرژوازییەكان یان كرێكارەكان یان ئۆرستوكراتییەكان دەنوسم.

= له نەجیب مەحفوز وەك كەس ووەك نوسەریش له یەك كاتدا دەپرسم؛پەیوەندیت بە خودی نوسینەوە چییە؟

نەجیب:بەخوا نوسین ژیانمە.كاتێكیش كە لـە نوسـین دەوەسـتم هەسـت دەكـەم كـە ژیـانم هـیچ واتایـەكی نـەماوە.هونـەر ژیانە نەك پیشە.

= لەم واتایەدا،هەڵوێستت چییە لەو وتەیەی كە وایدەبینێ نوسین ئامانجی خودی خۆیەتی؟

نەجیب:بە نیسبەت منەوە وایە.

= بەلاّم ئەگەر ئەم نوسینە گەیشتە ئەو رادەیەی كە بە دەر بێ لە بابەتێكی واقیعی،عەقلاّنی ودیاریكراو،هەڵوێستت چی ئەبێ لە بارەیەوە؟

نەجیب:بە نیسبەت منەوە ئەمە مومكین نییە.چونكە نوسینم بابەتی هەیە،بۆیە تێنەگەیشتوم لەوانـەی بابـەت بـە لاوە دەنێن،تێیان نەگەیشتوم وهەرگیز تێیشیان ناگەم.ئەوان لە شـێوەی خـاوەنی تیـۆری نـا رۆمـانن.پـێش چـەند رۆژێـك ئـەم قسەیەم بە رۆماننوسی فەرەنسی كلۆد سیمۆن هەڵگری خەلاّتی نۆبڵی ئەدەبی وت،كە لێرە بوو لە قاهیرە .

= بۆچوون گەلێك هەیە لە ناو رۆمانی فەرەنسی وجیهانیدا،كە بابەت دەبێتە شـتەكان یـان وشـەكان.رات چـییە لـە بـارەی ئەم بۆچوونەوە كە بابەتی ناوەندی یان نوێگەری تێیدا ئامادە نییە؟

نەجیب:شتەكان ئامانجی نوسین نین.من لە بنەڕەتدا نوسەری مەتەڵەكانم،كاتێكیش كە ئەنوسـم ئـەوە بـە هـەر شـێوازێك بێ چیرۆكێك پێـشكەش دەكـەم،كاتێكیش پێـشكەش ناكـەم واتـە چـیرۆكێك پێـشكەش ناكـەم واتـە هونـەر رۆیـشت وبـوونی نـەما، واتـە ئێمـە دەڕۆینـە نـاو حاڵـەتێكی نوێـوە هـیچ پەیوەندییـەكی بـە هونـەری چـیرۆكەوە نییە،ئـەوە وروژانـدنی ناكۆكییەكانە،ئـەو كەسانەش كە وتیان نایانەوێ چیرۆك بنوسن ئـەوان ئـازادن. جیاوازییـەك لـەبارەی ئـەم خاڵـەوە نییـە.بـەلاّم جیـاوازی لـە سوربوونیانەوە دێ لە ناونانی ئەوەی كە دەینوسن وناوی دەنـێن چـیرۆك،بە تـەنها ئـەوەش نا،بـەڵكو بـەوەش كـە چـیرۆك دەنوسێ دەڵێن تۆ چیرۆكنوس نیت،ئەی ئیتر چۆن؟

= بەڕایی تۆ ئایا گونجاوە یان گرنگە كە چوارچێوەیەك بدەینە چیرۆك؟

نەجیب: ئەو بەم شێوەیە لە دایك بووە،خەڵك لە دێر زەمانەوە حیكایەت دەگێڕنەوە پێش داهێنانی نوسین.كاتێكیش كە نوسین دەستی پێكرد،ئەوانیش دەستیان كرد بە نوسینی چیرۆك، وانییە؟ناویـشیان لێنـرا چـیرۆكنووس.هونـەری چـیرۆك ئـەو هونەرەیـە كـە چـیرۆك دەگێڕێتەوە،لـە ڕێگـای چیرۆكیـشەوە شـتێكی دیـاریكراوو ئـەزموونێكی مرۆیـی دەڵێـت.ئەگـەر چیرۆك بەلاوە نـرا ئـەوا نوسـین روویـەكی تـر وەردەگـرێ ونابێتـە چـیرۆك.لێـرەدا چـیرۆكی نـوێ نییە،ئـەوە هەرایە،ئـەوە هەرای شتەكانە نەك چیرۆك.

= با وای دانێین ئەم قسەیە راستە،واتە دیاریكردنی چەمكی چیرۆك دیاریكردنێكی مێژوویی ورابردوویيە كە لە رابـردودا بووەو،نابێ پەرەبسێنێ.

نەجیب: بەڵێ،دیاریكردنێكی مێژووییە.

= ئەگەر سەردەمی ئێستا گۆڕانكارییەكی بەخۆیـەوە بینـی تـا ئاسـتی دیـاریكراوی سـەلەفیانە بـۆ واتـای چیرۆك،تەفـسیرت چییە بۆ ئەوەو هەڵوێستت چییە لە بارەیەوە؟

نەجیب: واتای ئەوەیە كە شتێكی نوێی بۆ خۆی دروستكردووە.

= ئایا دەكرێ ئەوە ناوی لێبنرێ چیرۆك؟

نـەجیب: نـەخێر،بـەلاّم نموونەیـەكت بـۆ دێنمـەوە.شـتێك هەیـە لـە نێـوان زیندەوەرانـدا نەشـونما دەكـات وپێـی دەڵـێن رووەك.ئەگەر جولاّ پێی دەڵێن ئاژەڵ.ئەگەر عەقڵیشی تێدا بـوو پێـی دەڵـێن مـرۆڤ.نـاتوانی بـە مـرۆڤ بڵێـی ئاژەڵـەو بـە ئاژەڵیش بڵێی مرۆڤ،كاتێك كە مرۆڤ حیكایەتی دەگێڕایەوە چیرۆك دروست بوو،لـە ڕێگـای گێڕانەوەشـەوە ئـەوەی بیـەوێ دەیلێ.شەپۆلە تازەكان،هەندێكیان دەڵێن ئەوە رەوتێكی سیوسیولۆژییە وئەوی تر دەڵـێ سـایكۆلۆژییەو ئـەویتریش رەوتـە فیكرییەكان.....ئەمە سەركێشییە.ئەگەر حەزت بە سواربوونی بوو،ئەمە واتای ئەوە نییە كـە چـیرۆكە.جیـاوازی لـەبارەی ناونانەوە بۆ؟دوای نوسینی داستان،حیكایەتێك لـە جۆرێكی تـر نوسـرا نـەك لـە بـارەی پاشـاكان وقارەمانێتییـەوەو،ناونـرا چیرۆك یان رۆمان،نەمانوت با ناوی بنێین داستانی نوێ.

= ئایا دەکرێ دیاریکردنێکی رەها زیاد کەیتە سەر چیرۆك،دیاریکردنێك قابیل نەبێ بە گۆڕان؟

نەجیب: بەم شێوە لە دایك بووە.واتە خەڵکی حیکایەت دەگێڕنەوە،بەڵام ئەگەر خەڵکی ئارەزوویان لە گێڕانەوە نییە،قەیناکا،هەموو مرۆڤێك ئازادە.کات بەلاوەی دەنێ.بەڵام، مادامەکی تۆ چیرۆك دەگێڕیتەوە واتا تۆ چیرۆکخوانی.ئەگەر لە بارەی شتەکانەوە قسە کرا ئەوە چیرۆك نییە.دەشێ نوسین لە بارەی شتەکانەوە باشتر بێ لە چیرۆك،لاریم نییە.خەڵکیش دەتوانن ئەگەر ویستیان دەست بەرداری چیرۆك بن.

= ناکرێ هەروەها دەستبەرداری ئەو ناوەش بن کە رێککەوتون ناوی بنێن چیرۆك؟

نەجیب: مومکین نییە،چونکە جیاوازییەکە گەورەیە لە نێوان ئەوەی کە گێڕانەوەیەك بگێڕێتەوەو لە نێوان ئەوەی کە باسی شتەکان بکەی.جیاوازییەکە سەرسوڕهێنەرە.

= هەڵوێستت چییە لەو رەوتانەی کە پێی دەوترێت(رۆمانی نوێ)؟

نەجیب: رۆمان یان چیرۆك لە گەل کاتدا پەرە دەگرێ.مەتەڵ یان چیرۆکی رۆمانسی یان گوزارشتکاری یان سیمبولی یان رۆمان وچیرۆکی نامەعقوڵ یان چیرۆکی رەوتی وشیاری...هەموو ئەم شێوانە هەن وچیرۆك دەگرنە خۆ،بەڵام دواتر ئەوە هاتە کایەوە کە نێوان ئەم ونێوان چیرۆك ببڕێ.ئەمەش واتای ئەوەیە کە چیرۆك کۆتایی هات.من بە هەموو شێوەکان رازی بووم:بونیادی داخراوو بونیادی کراوەو ئەو رۆمانەش کە بایەخ بە ناوەوەو بە دەرەوەش دەدات،ئەوەش کە هەموو جیهانی واقیعی بە جێ دێڵێ وجیهانێکی هاوتەریب دروست دەکات وهەروەها سوریالیش.ئەمانە شێوەگەلێکی نوێن ودانیان پیانراوە.لەناو هونەری چیرۆکیشدا پەرە دەسێنن.جگە لەم جۆرەی کە پێی دەڵێین رۆمانی نوێ.بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە کە خاوەنەکانی ناویان لێنا (نا چیرۆك).ئەوەش گەواهی خاوەنەکانیانە،هەوڵمدا لە(نا رۆمان) و(نا چیرۆك) تێبگەم،تێنەگەیشتم.بە دڵەوە هەوڵمدا.لە یەك رۆمانی وەرگێڕدراوی کلۆد سیمۆن تێگەیشتم وسەیرم لێهات کە بوترێ(نا رۆمان).ئەو کتێبانەی کە ئالان رووب گرێیە وناتالی ساروت ومارگرێت دۆراس دایدەنێن لەم قوتابخانەیەن.نزیکەی چوار رۆمانی دۆراسم خوێندۆتەوە روونن وچیرۆکیشیان تێدایە،ئیتر چۆن دەخرێنە پاڵ ئەم قوتابخانەیە؟ تێناگەم!هەرچی کتێبەکانی تریشە دەڕۆمە ناو خوێندنەوەیانەوەو هیچ شتێك نازانم.کەسێك دێ وتاوانێك روودەدات وناشزانم کێ کردی.ئایا تاوانەکە لە سەریدا روویداوە یان لە واقیعدا.چی تیامانێکە ئەمە وبۆچی؟

= خاوەنەکانی رۆمانی نوێ دەڵێن،سەردەم زۆر ئاڵۆزە،ئەوانیش شایەتحاڵن بە سەر وێران بوون وهەڵوەشانەوەو وروخانییەوە، ئەوانیش ئەو ئاڵۆزییە دەگوازنەوەو لە باتی رۆمان یان چیرۆکی نوێ.بەڵکو وای ناودەنێن،ئیتر سەرسوڕمان لە کوێیە؟

نەجیب: بۆچی؟حاڵەتەکە بەو پلەیە رەشبین نییە کە قسەی لە بارەوە دەکەن،ئێمە لە سەردەمی پیشەسازی گەشەکردوداین،دەڕۆنە ئاسمان وزانست ومەعریفەش پێشدەکەوێ.ئیتر بۆچی قسەکردن لە بارەی هەڵوەشانەوەو وێرانبوونەوە؟

= ئایا پێت وانییە کە سەردەم ئاڵۆزە؟

نەجیب: بەڵێ،ئاڵۆزە.بەڵام ئەگەر ویستمان ئەو ئامرازانەی لە بەردەستماندایە بەکاریان بێنین ئەوا لە توانامدایە رۆمانێکت پێشکەش بکەم کە گوزارشت لە هەموو ئەم واتایانە بکات.ئامرازێکی هەموجۆر هەیە بەقەد ژمارەی هونەرمەندان.هەرچەندە ئەوان هەوڵدەدەن لە رێگای چیرۆکەوە گوزارشت لە ئاڵۆزی بکەن،کەواتا ئەوان گێڕەرەوەن.بەڵام ئەگەر چیرۆك وەك ئامرازێك،توانای گرتنە خۆی ئەم ئاڵۆزیەی نەبێ،دەبێ ئامرازێکی نوێ بدۆزنەوەو ناوی نوێی بدەنێ.

= واقیعی رۆمانی عەرەبی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

نەجیب: بەتەواوەتی ئاگاداری ئەم واقیعە نیم.زەمەنێکی زۆرە ناخوێنمەوە.بەڵام ئەوەی کە خوێندومەتەوە.ئاماژە دەکات بەوەی کە رۆمانی عەرەبی پەرەدەسێنێ،رەسەنانە ئەزموونی شتگەلێکی نوێ وزۆردەکات.هەندێ جاریش بێ رەسەنایەتی لاسایی دەکاتەوە.بەڵام خراپ نییە چونکە من لە چوارچێوەی ئەو لاساییکردنەوەدا دایدەنێم کە دەشێ بگاتە پێگەیشتن ورەسەنایەتی.من زۆریش پێشوازی لەم واقیعە دەکەم.هەندێ ئەزموونیشم ئەخوێندەوە لەو پەڕی چێژدا بوو،تا ئەگەر هاودژیش بووبێت لە گەل بیرکردنەوەمدا.

= به پشت بەستن بە شارەزایی دوورودرێژت،رۆمانی عەرەبی بەرەو کوێ دەڕوات؟

نەجیب: پرسیارەکە ئەوەیە،کۆمەڵگای عەرەبی بەرەو کوێ دەڕوات؟ئێمە لە بەرامبەر پەرەسەندنێکی زۆر گەورەداین. ئەوەی کە لە ئەوروپاو جیهانیشدا روودەدات،کاردانەوەی لە سەر جیهانی عەرەبی دەبێت.جیهان بە ئامرازەکانی گەیاندنییەوە پێکهاتەیەکی نوێ پێکدێنێ.ئەمە بەرەو چی شتێك ئەڕوات؟ناتوانم پێشبینی بکەم.بەلاّم پێم وایە کە هەستی ناسکی هونەرمەند بەردەوام ئەو ئاماژەیە رێبەری دەکات کە بەرەو کوێ دەڕوات وچۆنیش گوزارشت بکات.

= ئەگەر تۆ وای بۆ بچیت کە واقیعی عەرەبی گۆڕانکاری بنەڕەتی بە خۆوە دەبینێ ولە نوسینیشدا بە هەمان شێوە،تا چی رادەیەك ئەو ئەدەبەی نەجیب مەحفوز نوسیویەتی بە ئەدەبی قۆناغەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە؟

نەجیب:ناتوانم پێشبینی بکەم.ئەگەر ئەم ئەدەبە توانی بژی ئەوە باشە،ئەگەر نەشیتوانی ئەوە، کاری خۆیی راپەڕاندووە،من زۆر رازیم بەوەی لە سەردەمی خۆمدا کاری خۆم رادەپەڕێنم وواش ئەزانم هەر ئەوەش داواکراوە لە من.

= ئەگەر توانات بوایە لەم سەردەمەدا بنوسی،بەهەمان شێوە دەتنوسی کە لەمەو پێش پێیت نوسیوە؟

نەجیب: مومکین نییە،چونکە بارەکان پەرەیان گرتووە،پەرەسەندنێکی سەیر.

= ئایا بۆچونێکت هەیە لە بارەی سیما یان تایبەتمەندێتی ئەوەی کە دەتنوسی؟

نەجیب: بێگومان شێوازێکم بۆ خۆم هەڵ ئەبژارد رێتمێکی خێرای بوایە وئاماژ کردنیش لە بارەی وتارەکانەوە هەبوایە وتێیشیدا گرنگیم بە بیرۆکەی ناوەکی ودەرەکی ئەدا.

= ئەی لە سەر ئاستی زمان؟

نەجیب: زمانەکەم بە شێوەیەکی روون پەرەیسەند.بۆیە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان(کاتژمێرێك کات ماوە)یان(قسەی بەیانی وئێوارە)و لە نێوان(کۆڵانی مەدەق)و(خانی خەلیلی)و(سێینە)کەدا.

= پێت وایە کە دوا نوسینەکانت، گونجاوبێت لە گەل رۆحی قۆناغەکە وئەم سەردەمەدا؟

نەجیب: من سەردەم ناناسم تەنها لە رێگای خودی خۆمەوە نەبێ.ئەوەی کە دڵخۆشم دەکات دەینوسم.هیوادارم ئەوەش کە دڵخۆشم دەکات هاوکات بێ لە گەل سەردەمەکەمدا؟

= هەندێکجار رۆمانی عەرەبی چارەسەریگێروگازێك (ئیشکالیاتێك) دەکات کە تایبەتمەندییەکی هەیە مۆرگی ناوچەیی بە سەریدا زاڵە.ئایا ئەم ناوچەییە بەهایەکی وای هەیە کە لە چوارچێوەی بەرتەسکی خۆیی دەرچێ وباوەش بە مرۆڤایەتیدا بکات؟

نەجیب: ناودژییەك لە نێوان ناوچەیی وجیهانیدا نییە.یەك رەگن وشێوازی جیاوازیان هەیە.هەڵوێستی مرۆڤ لە بارەی ژیان وباوەڕو خۆشەویستی وهاوسەرگیرییەوە.رەنگە شارێك بۆ شارێکی تر جیاواز بێ،وەك چۆن میسر جیاوازە لە ئەوروپا.بەلاّم دەبینی لە پشتی هەموو ئەوانەوە یەك غەریزەو یەك سۆز هەیە.رەنگە ئەوەی کە دەینوسی سەد دەر سەد وای دابنێی ناوچەییە لە هەمانکاتدا بیانییەك دەیخوێنێتەوەو چێژی لێ دەکات.

= کتێبەکانت وەرگێڕدراونەتە سەر زۆر زمان،رات چییە لە بارەی ئەو وەرگێڕانانەوە؟

نەجیب:ئەوەی کە بینیومە هاندەر بووە.

= تا چی رادەیەك وەرگێڕان دەستپاك بووە لە گەل رۆحی ئەزمونی مەحفوزیدا؟

نەجیب: ناتوانم حوکم بدەم،چونکە بەتوانا نیم لە زمانە بیانییەکاندا بەڕادەی حوکمدان بە سەر چاکی وەرگێڕانەکەدا.

= ئەمڕۆ چی خەمێك نەجیب مەحفوز سەرقاڵ دەکات؟

نەجیب: یەکەم بارودۆخی ولاّتەکەم.کێشەی قەرزو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەسە.

= مەبەستم لە سەر ئاستی ئەفراندن؟

نەجیب: ئەفراندن ناوەسێ،چونکە ژیان بێ ئەفراندن وشك دەبێ،بەتایبەت کە مرۆڤ ژیانی خۆیی پێوە بەستۆتەوە.

**= نەجیب مەحفوز حەز دەکات چی وشەیەك ئاراستەی نوسەران وئەدیبانی عەرەب بکات؟**

**نەجیب:ئامۆژگاریم بۆ نوسەران ئەوەیە کە رۆحی ئەم سەردەمە تاقی بکەنەوە،ژیانی خۆیان بۆ ئەدەب تەرخان نەکەن بەمەرجێك ئەگەر نەیانتوانی دەستبەرداری ببن.ئەگەر ژیانی خۆیشیان بۆ ئەدەب تەرخان کرد ئەوا ئەوان خۆبەختکردوون.رۆحی خۆشتان بە ئەدەب مەکوژن تەنها ئەگەر مەجنونی لەیلای ئەدەب بن.**

**= بەم واتایە نەجیب مەحفوز کێیە؟**

**نەجیب: من مرۆڤێکم عاشقی ئەدەبم و،ئەتوانم بڵێم من مەجنونی لەیلای ئەدەبم.**

**= ئەم چاوپێکەوتنە لە گەل(نەجیب مەحفوز هەلگری خەلاتی نۆبلێ بۆ ئەدەب ساڵی 1988).لە ساڵی 1991 ئەنجامدراوە.بەلام بۆیەکەم جار لە بەرواری 4/9 /2006 لە ماڵپەڕی(کیکا)دا بلاوکرایەوە،لەبەر گرنگی ئەدەبیی راوبۆچوون وتێڕوانینەکانی نوسەر بۆ چیرۆك ورۆمان وقۆناغ وئالۆزییەکانی ئەم سەردەمە.بە باشم زانی کە وەریگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی......وەرگێڕ.**

**= دیمانەساز لە پێشەکی ئەم چاوپێکەوتنەدا،هەندێك شتی نوسیوە لە بارەی چۆنێتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکەوە،بە گرنگم نەزانی وخستمەلاوەو کورتەیەك لە ژیاننامەی نوسەرم کردە پێشەکی چاوپێکەوتنەکە...وەرگێڕ.**